رووداو
# ئەدەب و کولتوور
ژمارە (25) دووشەممە 2017/7/3
www.rudaw.net
email: bijar.hekim@rudaw.net

ژمارەی داهاتوو:
» پاپلۆ نیرۆدا لە فیلمی سینەماییدا
» چوار پەخشانە شیعری سەباح ڕەنجدەر



## گۆڕەکەی سەلڤادۆر دالی هەڵدەدرێتەوە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

گۆڕەکەی وێنەکێشی بەناوبانگی ئیسپانی سەلڤادۆر دالی هەڵدەدرێتەوە و حکومەتی ئیسپانیا پشکنینی دی ئێن ئەی بۆ تەرمەکەی دالی و کچێک دەکات کە بانگەشەی ئەوەی کردووە گوایە دالی باوکێتی.

دادگایەک لە شاری مەدریدی ئیسپانیا، لەسەر داوای کچێک، بڕیار دەدات گۆڕەکەی وێنەکێشی بەناوبانگ سەلڤادۆر دالی هەڵبدرێتەوە بۆ ئەوەی پشکنینی راستی و دروستیی بانگەشەی ئەو کچە کە ناوی مارییایە، بسەلمێت.

بڕیارەکەی دادگا دوای ئەوە هات کە کچێک بەناوی ماریا مارتینێز، داوایەکی بۆ دادگا بەرزکردەوە تاوەکو بیسەلمێنێ کە دالی باوکێتی. ماریا دەڵێت، دایکی پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ سەلڤادۆر دالی هەبووە، دواتر دایکی چەند جارێک لەبەردەم خەڵکی پێی گوتووە کە دالی باوکێتی.

دادگا دەڵێت هیچ بەڵگەیەک بۆ سەلماندی ئەو بانگەشەیە نییە، بۆیە بۆ دەرخستنی راستیی کەیسەکە گۆڕەکەی دالی هەڵدەدرێتەوە و پشکنینەکان دەستپێدەکەن. پارێزەری ماریا لەبارەی هەڵدانەوەی گۆڕەکەی دالی رایگەیاندووە، تاوەکو ئێستا کاتەکەی دیاری نەکراوە، بەڵام پێدەچێت ئەم مانگە گۆڕەکە هەڵبدرێتەوە.

سلڤادۆر دالی لە 11ی ئایاری 1904 لە شاری گرناتەی ئیسپانیا لەدایکبووە، لە 23ی کانوونی دووەمی 1989 لە هەمان شار کۆچی دوایی کرد. یەکێکە لە وێنەکێشە بەناوبانگەکانی جیهان و کارەکانی زۆر ناوازەن، بەشێوەیەک تەماشاکار ناچار بە رامان دەکەن.



## پارکێک و شەقامێک لە پاریس بەناوی یەڵماز گونەی دەکرێن

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

لە پاریس شەقامێک و پارکێک بەناوی هونەرمەندی سینەماکاری کۆچکردووی کورد یەڵماز گونەی کران و لە ڕێوڕەسمێکدا کە ژمارەیەک لە هونەرمەندانی فەرەنسی و ڕەوەندی کوردی ئامادەی بوون، شەقام و پارکەکە بەناوی گونەی کرانەوە.

شارەوانی دەی پاریس بڕیاری دا شەقامێک کە چوارڕێیانێکی گرنگی لەسەرە و لەگەڵ پارکێکی ئەو شارە بەناوی هونەرمەندی سینەماکاری کۆچکردووی باکووری کوردستان یەڵماز گونەی بکات و ڕێوڕەسمی ناونانەکەش و پەردەلادان لەسەر ناوی گونەی ڕۆژی هەینی 30ی حوزەیرانی 2017 بەڕێوەچوو.

یەڵماز گونەی لە یەکی نیسانی 1937 لەدایکبووە، دەرهێنەر و نووسەر و ئەکتەرێکی بەناوبانگی کورد بوو. گونەی بە باوکی سینەمای کوردی دادەنرێت و چەندین خەڵاتی جیهانی لەو بوارەدا بەدەستهێناوە کە گرنگترینیان خەڵاتی فێستیڤاڵی (کان) بووە لە ساڵی 1982.

گونەی لە گوندێکی بچووکی باکووری کوردستان گەورە بووەو دواتر لە ئەنقەرە و ئیستەنبوڵ خوێندنی یاسا و ئابووریی تەواو کرد.

لە تەمەنی 21 ساڵیدا دەستیکرد بە کاری سینەما. ساڵی 1961 بۆ ماوەی 18 مانگ زیندانی کرا لەسەر بڵاوکردنەوەی ڕۆمانێکی کۆمۆنیستی. پاشان لەساڵی 1965دا دەستیکرد بە بەرهەمهێنانی فیلم.

پاش ئەوەی لە زیندان رایکرد، خۆی گەیاندە فەرەنسا و پاش چەند ساڵێک ژیان لەوێ، لە 9ی ئەیلولی 1984 لە پاریس بە نەخۆشیی شێرپەنجە کۆچی دوایی کرد.



## یەکەمین فێستیڤاڵی ئەدەبیی گەنجان لە هەڵەبجە

■ ئا: ئەدەب و کولتوور

یەکەمین فێستیڤاڵی ئەدەبیی گەنجان لە هەڵەبجە بەڕێوەدەچێت و تێیدا دەقی ئەدەبی لە بوارەکانی شیعر و چیرۆک پێشکەش دەکرێن.

ڕۆژانی 7-6ی ئەم مانگە (تەمموز) یەکەمین فێستیڤاڵی ئەدەبیی گەنجان بۆ شیعر و چیرۆک و لێکۆڵینەوە لە هۆڵی یادگارییەکانی هەڵەبجە بەناونیشانی «ساباتی ئەدەب بە خونچەکانی دەشنێتەوە» بەڕێوەدەچێت.

فێستیڤاڵی ئەدەبیی گەنجان لەلایەن مەڵبەندی رۆشنبیریی هەورامان و بەهاوکاریی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی رۆشنبیری و هونەری سلێمانی بۆ ماوەی دوو رۆژ بەردەوام دەبێت و تێیدا چەندین دەقی شیعری و چیرۆک و لێکۆڵینەوە پێشکەش دەکرێن.

بەپێی بەرنامەی فێستیڤاڵەکە، لەماوەی دوو رۆژدا چەند دیدارێک بەڕێوەدەچن کە بریتین لە کۆڕی شیعری و پێشکەشکردنی لێکۆڵینەوەکان بەناونیشانەکانی، ڕێبازی حروفی لە شیعری کوردی و چەمکی هاوولاتیبوون لەلای جۆن لۆک و چەند تەوەرێکی دیکە.

هەریەک لە شاعیران فەرەیدوون عەبدول بەرزنجی، ئیدریس عەلی و نامیق هەورامی وەک شاعیرانی میوان بەشداریی فێستیڤاڵەکە دەکەن و دەقی شیعری لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی فێستیڤاڵەکەدا دەخوێننەوە.

# ئەوانە بۆچی تێناگەن؟





■ حەمە فەریق حەسەن

هەر گرفتێک گشتی بێت و بە پرسی خوێندنەوە و تێگەیشتنەوە وابەستەبێت، دوورو نزیک پێوەندیی بە سیستم و پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردنەوە هەیە. ئەو تاکەی کە دەخوێنێتەوە و تێناگات، یان نیوەچڵ تێدەگات، ئەگەر لە خۆیدا تاکێکی ساغ بێت، ئەوا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو لە بنەڕەتەوە، بە دروستی فێری کردەی خوێندنەوە نەبووە. ئەم کارەیش یەکێکە لە ئەرکە هەرە لەپێشەکانی دامەزراوەی پەروەردە و فێرکردن، بەتایبەتی قۆناغی فێرکردنی بنەڕەتی.

لەلای ئێمە، سەدان کەس هەن، لەسەر شێوەی حوجرەی فەقێیانی زەمانی زوو، دەکارن وەک عەرەبیزان قورئان بە سەرو بۆرو ژێرو زەننە و هەڵکشاو و داکشاوەوە بخوێننەوە. ڕەنگە ئەوان بتوانن بە تەجویدیشەوە قورئان بخوێنن، لێ وەکوتر، ئەوان لە واتای ئایەتەکان ناحاڵین. ئەم دیاردەیە، لەو سۆنگەیەوە سەرچاوە دەگرێت، کە مامۆستای ڕشتەی ئاین، پرسی تێگەیشتن و حاڵیبوونی بەهەند نەگرتووە. بۆیە ئەو خوێندکاری فێری واتاو گەڕان بەدوای واتادا نەکردووە. ئەگەر مانایش نەزانن، واتە ئەوان هیچی ئەوتۆ فێر نەبوونە. دەشێ ئێمە ناوی (خوێندنەوەی کوێرانە) لەم دیاردەیە بنێین. چونکە پرسی خوێندنەوە دەکاتە شرۆڤە و تێگەیشتن لە دەق و لێکدانەوەی هەموو ئەو واتا ژێربەژێر و شاردراوانەی کە دەق لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتوون.

لە وانەکانی فێربوونی زماندا، قوتابی بە دەقی شیعر و حیکایەت ئاشنا دەکرێت. وەلێ بێ ئەوەی ئەو بە دروستی پێکهاتەی شیعر و چیرۆک بزانێت، یان فێربکرێت. زۆربەیان چیرۆک و حیکایەت لە یەک جیاناکەنەوە. وێڕای ئەوەی، ئەوان تەنیا وەک دەقێکی زمانی، شیعر و چیرۆک دەخوێننەوە. گرنگی بە پێکهاتە و ماهییەتی ژانرەکان نادەن. لە حاڵێکدا منداڵ لە خۆرئاوا، لە کۆتایی قۆناغی بنەڕەتیدا، بە پێکهاتەی ژانرەکان ئاشنا دەکرێت. ئەوان لەوێ، هەر بە نموونەی ئەدەبی خۆیانەوە ناوەستن، دێن چەندان نموونەی تری بیانیی وەرگێڕدراو دەخەنە بەردەستی خوێندکار، داوایشی لێ دەکەن خۆی دەقەکان شرۆڤە بکات. خوێندکار لە پۆلی نۆیەمدا دەزانێت کام ژانرانە خەیاڵن؟ کام ژانرانە ناخەیاڵن؟ کام ژانرانەیش کەوتوونەتە نێوان خەیاڵ و ناخەیاڵەوە؟ (فیکشن، نەن فیکشن، فاکشن).

خوێندکار لەوێ، لەو قۆناغە بەراییەدا، دەتوانێت دەقی چیرۆک هەڵبوەشێنێتە سەر توخمە پێکهاتەکانی وەک: گرێ، تیمە، ملانی، ئەی کارەکتەر، بی کارەکتەر، گێڕانەوە، چنین، ڕووداو، گوتوبێژ، شێواز و بیرۆکە...

من کە دەیان ساڵ لە کوردستان مامۆستا بووم، ئاگادارم لای خۆمان، لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتی و پاشتریشدا، نەک خوێندکار، مامۆستایان خۆیشیان، لە ئاستی هەموو ئەم زاراوانەدا تەقەی سەریان هاتووە! لە خۆرئاوایش، خوێندکار لە پۆلدا چەندان فیلمی کورت و درێژ دەبینێت. هەر لە پۆلدا، بە درێژی گفتوگۆیان لەسەر دەکرێت. بۆیە ئەو لەوێ شتێک لە پێکهاتەی فیلمیش دەزانێت. بەڵام خوێندکار و مامۆستای لای خۆمان، بە موو لە پرۆگرامی قوتابخانە لانادەن. پرۆگرامی قوتابخانەیش هەژارە و شتێکی ئەوتۆ فێری منداڵ ناکات.

خوێنەر بۆ ئەوەی لە شیعری سۆفییانە تێبگات، گەرەکە لای کەم، ژمارەیەک زاراوەی تایبەت بە سۆفیزم هەیە، بیانناسێت و لێیان حاڵی بێت، ئەم گرفتەیش دەمانبات بۆ لای بابەتێکی تر. سۆفیزم ڕێبازێکە پێوەندیی بە ئاینی ئیسلامەوە هەیە، بۆیە تەواوی زاراوە سۆفییەکان بە زمانی عەرەبین. کەواتە بۆ ئەوەی خوێندکار، یان هەر تاکێکی خوێنەر، لە زاراوەکانی سۆفیزم حاڵی ببێت، گەرەکە لە زمانی عەرەبی تێبگات. دەنا لە زاراوەکانی وەک: (زوهد، بەسیرە، ئیدراک، حال، تەجەلی، فەنا، بەقا، مورید و موراد، جیلوە، ئەزەلی، حەق، حیجاب، خەرابات، ساقی، ئینابە...) حاڵی نابێت و تەقەی سەری دێت.

کەواتە ئەوی خوێنەر لە شیعری سۆفیش حاڵی نابێت. لە ڕاستیدا، بۆ تێگەیشتن لە شیعری سۆفی، مرۆڤ پێویستی بە قامووسی تایبەت بە تەسەوف هەیە کە باوەڕناکەم حاڵی حازر سەرچاوەی وەها، لە کتێبخانەی کوردیدا دەستبکەوێت. ئەگەر وەرگر، واتا سۆفییەکەی ئەم زاراوانە نەزانێت، ئەوا تەئویلی تری پێچەوانە بۆ دەقەکان دەکات کە خاوەنەکانیان مەبەستیان نەبووە. دەشێ ئێمە بڵێین، خوێنەری نەشارەزا وێڵی نێو دەقەکان دەبێت و سەری لێ دەشێوێت. کەواتە ئەوەی زاراوەیلی سۆفیزم نەزانێت، با دەقەکانیان نەخوێنێتەوە، چونکە وێڕای ئەوەی لێیان تێناگات، وێڵ دەبێت و کاتی خۆیشی بە فیڕۆدەدات. دەشێ بڵێین، زاراوەی سۆفی، ئەو واتایە نابەخشێت کە بە ڕواڵەتی وشەکەوە دیارە، بەڵکو واتای قووڵتری لێ بارکراوە.

هەر بۆ نموونە، حەق (الحق) ناوێکە لە ناوەکانی خواوەند. شتی هەق بە واتای نەگۆڕ دێت. وێڕای ئەوەی بۆ ڕاستی و ڕاستگۆییش بەکاردێت. هەق، ئەو فیگەرەیە کە کەس ناتوانێت ئەفەرۆزی بکات. ئینابە (الانابە) بە واتای گوێڕایەڵی و ئیتاعەتی خواوەند دێت. واتە سۆفی دەبێت غافڵ نەبێت و بگەڕێتەوە بۆ لای خوای خۆی.

تێگەیشتن لە شیعریش، هەروا ئاسان نییە، پاشخانی دەوڵەمەندی گەرەکە، بەتایبەتی شیعری کۆن (کلاسیک). شاعیرانی دێرین، وێڕای زمانی کوردی، زمانەیلی عەرەبی و تورکی و فارسیشیان زانیوە. ئەوان هاتوون، وشەو دەستەواژەی ئەم سێ زمانەیشیان تیکەڵ بە شیعری خۆیان کردووە. بۆیە ئەگەر خوێنەر، شارەزایی لەم سێ زمانەدا نەبێت، ئەوا بە تەواوی لە بەرهەمی شاعیرانی کۆن حاڵی نابێت. شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لە شیعرێکیدا کە باسی درەختی بنەماڵەکەی خۆی دەکات، لە دێڕی کۆتایی شیعرەکەدا دەڵێت:

(ڕەزا) یش لەو نەسلەیە ببەخشە یارەب چونکە قەد نابێ
گوڵــی بێ خـــار و بەحـــری بێ بوخـــار و ئاگـــری بێ دوود

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی (نەسل، بوخار، ڕەب، قەد، بەحر) عەرەبین کە بە مانای (نەوە، هەڵم، خواوەند، هەرگیز، دەریا) دێن. هەردوو وشەی (خار، دوود)یش کە بە مانای (دڕک، دووکەڵ) دێن، فارسین.

**هەر شێخ ڕەزا لە شیعرێکدا، کە بۆ (شێخ عەلی)ی برای نووسیوە. دەڵێت:**

**قەومێ کە لە عەهدی پەدرت حەلقە بەگوش بوون**
**تـــەحقیقی بزانـــە بە خودا جوملـــە عـــەدووتن**
**ڕەحمیان نییە دەربارەیی تۆ خـــــزم و ئەقاریب**
**موشفیقترە بێگانـــە لەمانە کـــــە عــەمووتن**

وشەکانی (قەومێ، عەهد، تەحقیقی، جوملە، عەدوو، ئەقاریب، موشفیق، عەموو) عەرەبین، وشەکانی (پدەر، حەلقە بەگوش) فارسین. دیارە ئەگەر خوێنەرێک واتای ئەم وشانەی نەزانی، ئیتر ئەو بە دروستی لە واتای دێڕە شیعرەکە تێناگات، ئەگەرچی شیعرەکە ئاسانیشە. کە باس هاتە سەر شێخ ڕەزای تاڵەبانی، لەجێیە لێرەدا ئەوەیش بڵێین کە ناوبراو زۆر جاران وشەی تورکیشی تێکەڵ شیعرەکانی خۆی کردووە. ئەو وێڕای کوردی، بە زمانەکانی فارسی، تورکی و عەرەبی شیعری وتووە، تۆ ئەگەر تەنیا زمانی کوردی بزانیت، ئەوا تەنیا لە بەشێکی شیعرەکانی تێدەگەیت، ئەویش بە نیوەچڵ. هەر لەم سۆنگەیەوە، کەم گۆرانیبێژمان هەن بە دروستی شیعری کلاسیکیان چڕیبێت. گۆرانیبێژێکی دەنگخۆش، ڕەوانی شاد بێت، خۆی و ئاوازدانەرەکە و تەواوی مۆسیقاژەنانی ئەو گۆرانییە خۆشە، نەیانزانیوە (ڕومان) وشەیەکی عەرەبییە و بە واتای (هەنار) دێت. شاعیریش مەبەستی ڕەنگی سووری هەنارییە. هەرچی وشەی (لەعل) یشە، یەکێکە لە بەردە بەنرخەکانی وەک: کوارتز، ئەڵماس، فەیروز و تۆپاز... لەعل بە ڕەنگەکانی پیازی، سەوز، هەناری و سووری تۆخ دەگوترێ. ئەم جۆرە لەعلەی کە نالی وەسفی شەرابی پێ دەکات، پێی دەگوترێت لەعلی هەناری. ئەم بەردە لەخۆیدا ڕوونە و زۆر بەهێزە، چونکە مادەکانی ئاسن و کرومی تێدایە، لەعل بەزۆری لە ناوچەی نێوان شارەکانی کابول و جەلال ئاباد دەستدەکەوێت، وێڕای هەرێمی بەدخشان کە دەکەوێتە باکووری خۆرئاوای ئەفغانستانەوە. ئەمەی دواییان، واتە لەعلی بەدخشان، بەنامێیە و لە شیعری کوردیدا دووبارە دەبێتەوە، شاعیران لێوی کیژی کوردیان بە لەعلی بەدخشان چواندووە کە دەکاتە سووری هەناری. دیارە هونەرمەندی کۆچکردوو لەو دێڕە شیعرەی نالی حاڵی نەبووە، بۆیە وشەی (ڕومانی) ی کردووە بە (ڕۆمانی) کە وەها دێتە بەر زەین، شەرابی وڵاتێک بێت بە ناوی ڕۆمان!

**شەرابی لەعلی ڕومانی لە (نالی) حەرامە**
**بـــێ مـــەزەی مـــاچـــێـــکـــی لـــێـــوان**

# تریفە کەریمیان

# لە پێرفۆرمانسی «لێ لێ»دا



■ حەمەسوار عەزیز

قسەکردن لەسەر ئەو پێرفۆرمانسەی کە شانۆکاری ڕۆژهەڵات خاتوو تریفە کەریمیان لە چوارچێوەی دیداری ڕۆژانی شانۆی ڕۆژهەڵات لە مانگی ئایار لە سلێمانی لە هۆڵی بەدیعە دارتاش نمایشی کرد، قسەکردنە لەسەر فۆرمێکی جیاوازی شانۆیی کە ڕەنگە لە شانۆی کوردیدا وەکو پێویست ڕووبەرێکی گونجاوی بەرنەکەوتبێت. گرنگیی ئەم فۆرمەش لەوەدایە کە تەوزیفکردنە تەقلیدییەکان ئاوەژوو دەکاتەوەو تێگەیشتنمان بۆ پەیوەندیی نێوان دەنگ و دراما بۆ ڕوووبەرێکی دی دەبات، ئەویش تەوزیفکردنی درامایە لەنێو دەنگ. مۆسیقای دراماتیک دارڕشتنەوەی جەستەی نمایشە لەنێو مۆسیقا و ریتم و ماتریاڵەکانی دەنگ کە دەبێتە سەرچاوەی ڕەسمکردنی جەستەی نمایش بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە بابەت و ئەکتەر و سینۆگرافیا. هەموو ئەمانە بە تاک و بەکۆ، شەرعییەتی بوونیان لەنێو جەستەی نمایش لە مۆسیقاو تۆن و دەنگ و ریتم و ئیفێکتە دەنگییەکان وەردەگرن. پاش نووسینە ورد و گرنگەکەی هاوڕێم نیهاد جامی تایبەت بەو پێرفۆرمانسە کە تێیدا زۆر بە وردی قسەی لەسەر وەزیفەکانی دەنگ و جەستە و هەست و یادەوەری و ماتریاڵەکانی دروستکردنی پێرفۆرمانسی لێ لێ و ئاماژە بینراو و بیستراوەکانی نێو ئەو نمایشە کردبوو، من بە پێویستم نەزانی قسەیەکی ترم لەسەر ئەو نمایشە هەبێت، بەڵام دوای خوێندنەوەی وردی بابەتەکەی نیهاد جامی، هەستمکرد کە چەند ڕستەیەکی دیکە هەیە دەکرێت ڕوویەکی تری ئەو پێرفۆرمانسە وێنا بکەن و بابەتەکەی نیهاد جامیش دەوڵەمەندتر بکەن.

ناونیشان لەو نمایشە لای من مەغزایەکی گرنگی هەیە، من نازانم هەڵبژاردنی ناونیشانی (لێ لێ) بۆ ئەو نمایشە لە چ ڕوانگەیەکەوە بووە، بەڵام خودی ئەم ناونیشانە خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرێت و کۆنتاکتی لەگەڵ بەشێکی گرنگی بونیادی کولتووریی مرۆڤی کورد هەیە. بەدرێژایی مێژووی ئێمە دوو زاراوە، وەک ڕووبەرێکی فەرهەنگی بەشێکی گرنگی ژیانی ئێمە بوون و لە زۆرینەی ساتەکانی ژیانماندا ئامادەگیان هەبووە، زاراوەی (لێ لێ) و زاراوەی (لۆلۆ). ئەم دوو ئایکۆنە هەر لە زووەوە لەنێو فەرهەنگ و کولتووری ئێمەدا ئامادەیی بەردەوامیان هەبووە، هەر لە دونیای لاوک و حەیران و مەقامات و ئەو جیهانەی پێیدە گوترێ دەنگبێژی، تا دەگاتە بۆنەو سرووتە کۆمەڵایەتییەکانی وەک مردن و شیوەن و شادی و زەماوەند.

لێ لێ کە ناونیشانی ئەو پێرفۆرمانسەیە، لای ئێمە هەمیشە چەمکێک بووە پەیوەست بووە بە جیهانی دەنگبێژی و دەسپێکی لاوک و حەیران و مەقاماتی کوردی، ئەم تەوزیفە لە کولتووری ئێمەدا بەکاربردنی دەنگ بووە بۆ دروستکردنی حیکایەت و گێڕانەوەی سەربوردەی نەتەوەیی یا ئەڤینداری لە فۆرمێکی بیستراودا کە بەگوێرەی جوگرافیا و هەڵبژاردەی دەنگبێژ، فۆرمی جیاواز و تایبەتمەندیی خۆی هەبووە. هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە هەوڵدانە بۆ بەکاربردنی ئەو یادەوەرییانەی کە ئەم چەمکە لە نەستی هەر تاکێکی کورددا دروستیکردووە لەڕێی دەیان داستان و حیکایەت و سەربردە، کە ئەم چەمکە دەتوانێت لەو چوار پیتە سادەیە ئامادەیی هەموویان مسۆگەر بکات و زەینی بینەر ئەکتیڤ بکاتەوە و بیگێڕێتەوە نێو دونیا و جیهانبینی ئەو رابردووەی کە ئەم یادەوەرییەی تێدا سەیڤ کراوە. ئەمە جگە لەوەی ئەم زاراوەیە کەرەستەیەکی گرنگی گوزارشتکردنی ئێمە بووە لە ئازار و مەینەتی و خەمەکانمان، لەو کاتانەی کە شیوەن بۆ دووری یا دەستبەسەری یان تەنانەت مەرگی ئازیزێکمان دەکەین، ئەم چەمکە وەک ئایکۆنێکی دەنگی دەتوانێت دەیان وێنە لەنێو ئەندێشە و ئەودیو نەستمان بگوازێتەوە بۆ بەر دیدەی کەسانی دەوروبەرمان.

تائێستا لە شانۆی کوردیدا دەنگ و مۆسیقا بەشێوەیەکی تایبەتی وەک کەرەستەیەک لەنێو دراما بەکاربراون، هەمیشە دەنگ و موسیقا وەزیفەیان لەوە دەرباز نەبووە کە وەک بەشێکی سینۆگرافیا، یارمەتی دەرهێنەر و ئەکتەر بدەن حاڵەتە درامییەکان بخولقێنێ و ئاماژە و خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ بدۆزێتەوە و ببێتە بەشێک لە ریتمی نمایش، ئەگەر نمایشەکانی نیهاد جامی و شانۆی لالشی لێ دەربکەین، دەبینین هەرگیز دەنگ و مۆسیقا لە شانۆی کوردیدا نەیتوانیوە ببێتە کارەکتەری سەرەکیی خولقێنەری دراما و جەستەی نمایش دروستبکات. دەنگ و مۆسیقا زۆرینەی کات کەرەستەیەکی لاوەکی بووە لە دروستکردنی جەستەی نمایشدا، جەستەی نمایش هەمیشە لە ڕێگەی ئەکتەر و دیالۆگ و سینۆگرافیاوە دروستکراوە. لەم نمایشەدا تریفە کەریمیان هەوڵ نادات دەنگ و مۆسیقا بۆ جەستە دروستبکات، بە پێچەوانەوە نمایشەکە کار لەسەر ئەوە دەکات کە جەستەیەک بۆ دەنگ و مۆسیقا دروستبکات، ئەم جەستەیەش ئەگەرچی پێکدێت لە جەستەی ئەکتەرێکی ژن، جەستەی ئەکتەرێکی پیاو، جلوبەرگ، ئێکسسوارەکانی وەک دەسماڵی سوور، شمشێر، ماسکی سەربازی و کڵاوی کوردی، هەموو ئەمانەش بەیەکەوە لەیەک سەرچاوە وەرگیراون، ئەویش کولتوور و مێژووی پڕ ئازار و کارەساتی نەتەوەی کوردە.

تریفە ئەگەرچی وەک پێویست جەستەکان ناجوڵێنێ و هەوڵ نادات لەدونیای تاکمانایی بیانگوازێتەوە بۆ جیهانی فرەمانایی، وەک هاوڕێم نیهاد جامیش ئاماژەی بەوە کردووە و بەلای منیشەوە ئەمە تەسککردنەوەی ڕووبەری جوانکاریی نمایش و بەستنەوەی عەقڵ و هەستەوەریی بینەر بوو، بەڵام پێدەچێت تریفە ئەمە بە مەبەست بکات، ئەو هەوڵ دەدات وەک شانۆی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووی ئێمە، پەیامەکەی ڕوون بێت و لێکدانەوەی جیاواز هەڵنەگرێت، ئەویش کارکردنە لە چوارچێوەی مەزڵومیەتی نەتەوەی کورد و پلیشانەوەی ئەم نەتەوەیە لەنێو مەینەتی و ئازارە بێ کۆتاکان. ئەوەی بۆ من زۆر گرنگ بوو، ئەوە بوو کە تریفە ئەگەرچی دەنگەکان لەنێو کولتووری کوردی وەردەگرێت و هەوڵ دەدات فۆرمی درامییان بۆ دروستبکات، بەڵام خودی مۆسیقاکەی دەقاودەق لەنێو ڕووبەری مۆسیقای کوردی وەرنەگرتووە و هەوڵی داوە کەسێکی تر کاری مۆسیقاکەی بۆ بکات کە دیدگای جیاوازی هەیە، ئەم ئاوێتەبوونەی نێوان دەنگێکی کوردی و مۆسیقایەکی جیاواز، وای کردووە هارمۆنییەک دروست بێت کە دەنگە کوردییەکان لەو کلێشە دەنگبێژییە بەتاڵ بکاتەوە و بیانخاتە نێو کلێشەیەکی تر و بەشێوەیەکی جیاواز لەنێو ڕووبەرێکی تری مۆسیقی بەکاریانبباتەوە، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگی بەتاڵکردنەوەی دیمەنە درامییەکانە لەو وێنە باوانەی کە گوێگری کورد لە کاتی بیستنی ئەو کولتوورە دەنگییە پێی ئاشنا بووە، بە بینینی من ئەمەیان خاڵێکی یەکجار گرنگە کە دەکرێت تریفە لە کارەکانی داهاتوویدا زیاتر بەرجەستەی بکات و هەوڵ بدات ئەو پاشخانە دەنگییەی کوردی ئاوێتەی فۆرم و ریتمی مۆسیقای میللەتانی تر بکات و ئەو پێکهاتەیە بدۆزێتەوە کە ببێتە ئایکۆن و هارمۆنییەکی تازەو فۆرمەکانیش لە دونیای تاکمانایی بگوازێتەوە بۆ ڕووبەری فرەمانایی.

پەنابردنی تریفەش لەم نمایشەدا بۆ جیهانی لاوک و ئەو تراژیدیا کوردییانەی کە لاوکی کوردی دەیانگرێتەوە و فۆرمێکی تایبەتییان پێدەدات، پێداگریی تریفەیە کە دەیەوێت ئەو پێرفۆرمانسە بە جەستەیەکی تراژیدییەوە بینا بکات و هەموو هەستەوەرەکان بە ئاقاری لاوانەوەو شیوەن و دواتریش یاخیبووندا ببات، دەرحەق بەو زوڵم و ستەمەی کە ئینسانی کورد بەدەستییەوە گیرۆدە بووە. تریفە کەریمییان لەم نمایشەدا وەک جەستە و دەنگ و تۆن و هەستەوەرەکانی دەنگ، توانای بەرفراوانی بەکاربردنی دەنگی هەیە لە فۆرمی ئۆپێرایی و درامیدا، بەهرەیەکی یەکجار گەورەی هەیە و دەتوانێت لەم بوارەدا کاری گەورەتر و فۆرمی جیاوازتر وێنا بکات، بەتایبەتی کە کولتووری کوردی یەکجار دەوڵەمەندە و دەتوانرێت لە دروستکردنی دەیان فۆرمی درامیی جیاوازدا سوودی لێ وەربگیرێت. دەکرێت لە لاوک و حەیران و گەلۆ و سیاچەمانەو هۆرەو ئای ئای و خورشیدی و قەتار و ئەڵڵاوەیسی و چەندین ستایلی تری دەنگبێژیی کوردی کەڵک وەربگیرێت و چەندین نمایشی درامی هاوشێوە و جیاوازی لێ دروست بکرێت، بە تایبەتیش کە تریفە شارەزاییەکی باشی لەو بوارەدا هەیە و دەزانێت چۆن جارێکی تر ئەو دەنگانە بەکاربباتەوە و فۆرمی سەرد و گێڕانەوەیان تێدا بکوژێت و فۆرمی بینین و دراماکیان تێدا دروست بکات.



## نەزەند بەگیخانی:

# من گۆڕستانم و پڕم لە مۆتەکە و خێو

**د. نەزەند بەگیخانی نووسەر و مامۆستای زانکۆی بریستڵە لەبەریتانیا. لە 1987 ەوە لە دەرەوەی وڵات دەژی و خوێندنی باڵای لە زانکۆی سۆربۆنی فەرەنسی تەواو کردووە. نامەی دکتۆراکەی تایبەت بووە بە "وێنەی ژنی کورد لەناو ئەدەبیاتی ئەورووپی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەم" کە بە پلەی شەرەفی باڵا لە 1997 پێی بەخشراوە.**

**د. نەزەند بەگیخانی شاعیرێکی ناوداری جیهانییە کە جگە لە کوردی بە ئینگلیزی و فەرەنسیش دەنووسێ. بە کوردی شەش دیوانی شیعری و بە ئینگلیزی و فەرەنسی سێ دیوانی هەیە. لە ساڵی 2012 دیوانی 'دوێنێی سبەینێ' خەڵاتی فێمینی شیعری فەرەنسی بەناوی سیمۆن لاندری وەرگرتووە.**

**د. نەزەند بەگیخانی یەکەمین سەرنووسەری ژن بووە لەناو کوردان و ماوەی پێنج ساڵ سەرنووسەری مانگنامەی لومۆند دیپلۆماتیکی کوردی بوو. خاوەنی چەندین وتار و کتێبی ئەکادیمییە بە زمانانی کوردی و ئینگلیزی و فەرەنسی، هەروەها لەناو میدیای کوردیدا رۆڵ و پایەیەکی تایبەتی هەیە. دوا کتێبی بە زمانی ئینگلیزی لە ساڵی 2015 لە لەندەن چاپکراوە و تایبەتە بە توندوتیژی بە بیانووی پاراستنی شەرەف لە هەرێمی کوردستان و لەناو دیاسپۆرای کوردی لە بەریتانیا (لەگەڵ هاوکارانی د. جیل و د. هەیگ، دەزگای ئاشگەیت. جگە لە خەڵاتی شیعریی فێمینی فەرەنسی سیمۆن لاندری، کارەکانی د. بەگیخانی چەندین خەڵاتیان پێبەخشراوە، لەوانە خەڵاتی ئێما هەمفریس بۆ چالاکی و خەباتی دژی تاوان بە بیانووی شەرەف (2000)، خەڵاتی یەکسانیی جێندەری لە کوردستان (2015) و خەڵاتی سەید ئیبراهیم بۆ سەرجەم بەرهەمەکانی (2009).**

**ئێستا نەزەند بەگیخانی بە هاوکاریی هاوکارانی لە زانکۆی بریستڵ و ئەنجوومەنی بەریتانی بۆ توێژینەوەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و بریتیش کاونسڵ، سەرپەرشتی توێژینەوەیەکی نێودەوڵەتی دەکات دەربارەی دۆخی ژن لەناو ئاوارە و پەنابەران لە هەرێمی کوردستان و بەریتانیا.**

■ هەڤپەیڤین: هێرۆ کوردە

## "نووسین بۆ من جۆرێکە لە فراژووبوونێکی جاویدانە"

**ئەدەب و کولتوور: نەزەند بۆ دەنووسێت؟**

**نەزەند بەگیخانی:** من چێژ و خۆشنوودییەک لە نووسین دەبینم کە وەک سیحر وایە، ئەفسووناوییە، چەشنی ئازادییە دوای دیلی و زیندان، لەوانەیە پێویستییەک بێت. یەکەمجار کە دەستم بە نووسین کرد، هەرزەکار بووم، رۆژێکی هاوینی گەرم بوو تێیدا هەستم بە پاڵەپەستۆ و شێیەکی کوشندە دەکرد و لە چوارچێوەی ژوورێکدا داماببووم.

ساڵانی پێشتر، ئێمە (واتە خێزانەکەم کە دوای مردنی باوکم، دایکم سەرداریی دەکرد)، لەناو رەز و باغی شاخی مشکە و کێڵگەی دایە و باوانم وەرزی هاوینمان بەسەر دەبرد. واتە زستانان لە شار بووین بۆ چوونە مەکتەب و هاوینانیش لەناو رەز و باغ و کێڵگەی شاخی مشکە بۆ کار و بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی کە سەرچاوەی ژیانمان بوو. لەوێدا من لەناو سروشت بووم، بە ئازادی دەجووڵامەوە، رامدەکرد، لە رووباری شاخی مشکە خۆم رووت دەکردەوە و مەلەم دەکرد، وەک درەخت بە پێوەبووم، وەک باڵندە باڵەکانم کراوە بوون، وەک بەرخ و سەگ و پەلەوەری کێڵگەکە لەناو سروشتی رووت پیاسەم دەکرد و هەناسەم دەدا. ئەمە بۆ من جۆرێک بوو لە ئازادی کە لەشار ئافرەت نەیبوو، من لەم رووەوە خۆشبەخت بووم و جیاواز بووم لە کچانی هاوتەمەن و هاوشارم. جگە لەچوونە مەکتەب و جارجارەش سەردانی خزمان، کچ و ژنانی شار ئەوکات هیچ شوێنێک نەبوو رووی تێبکەن. فەزای گشتی بۆ ئەوان یاساغ بوو و هاوینانیش لە چوارچێوەی ژوور و خەریکبوون بە کاروباری ناوماڵ و یارمەتیدانی دایک لە چێشتلێنان و پاککردنەوە و قاپ و قاچاغ شووشتن، چیتر هەبوو بیکەن؟ ژیانی منیش گۆڕا دوای ئەوەی دایکم بڕیاری دا رەز و باغەکە بەکرێ بدات؛ ئێمە ئیتر مەحکوم بووین بەوەی کە هاوینان لە شار بمێنینەوە. ئەوکاتە بۆ دەربازبوون لە تەنیایی و دیوارە شێدارەکان، دەستم بە خوێندنەوە کرد، بەڵام جگە لە قورئان و چەند کتێبێکی مەکتەب و هەندێ کتێبی مارکس و ئەنگلس کە قوبادی برام بە عەرەبی دەیخوێندنەوە، هیچی دیکەمان نەبوو بۆ خوێندنەوە. خۆشحاڵانە، دراوسێ و دەستەخوشکێکم بەناوی ئاواز خالید سەردۆر کتێبخانەیان هەبوو، دەچووم لە رێگای ئەوەوە بە دزیی برا و باوکی کتێبم دەخواست. ئەوسا ئاشنابووم بە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردی و مێژووی ئەدەبی کوردی، خانی و نالی و مەحوی و حاجیم کەشف کرد. ئەو رۆژەی دەستم بە نووسین کرد خۆم دەخواردەوە، هەستم بە کەشێکی خنکێنەر دەکرد، شتێک لەناو دەفەی سنگم پەنگی خواردبووەوە، وەک قەیرانی ئۆکسجین هەناسەی سوار دەکردم، سەرم گێژی دەخوارد. دەبووایە لەو ژوورە و لەو فەزایە دەرچم، پێویستم بە دەربازبوون لە چوارچێوەی دیوارە چیمەنتۆکان بوو، پێویستم بە سەفەرێک بوو چەشنی فڕین باڵەکانم لێکبدات و هەڵمگرێت، بمبات و دوورمبخاتەوە لە واقیعی مەلمووس. ئیتر دەستمکرد بە نووسین، نازانم چیم نووسی، چونکە دوای کۆچ و مەنفا، نووسینەکانم هەموو ون بوون، یان باشترە بڵێم لە ژێر گڵ نێژران و بوون بە خۆڵ. لەبیرمە لەگەڵ پرۆسەی نووسین خانەکانی لەش و مێشکم لێک دەکشانەوە، جومگەکانم دەکرانەوە، مێشکم دەجوولا. دوای نووسینەکە، هەستم کرد لە ناو بەلەمێکی چارۆگەدارم، کزەبایەکی فێنک دەیبات و دووری دەخاتەوە بەرەو شوێنێکی دیکە کە ئەوێی من نەبوو، جیاواز و جاویدان. لەپڕ ئاسۆم فراوان بوو، روانینم رەنگی گرت و چوومە ئاستێکی دیکە. فراژوو بووم. ئا جوانترە بڵێم کە نووسین جۆرێکە لە فراژووبوونێکی جاویدانە، سەفەرێکە بەرەو ئاستێکی دیکەی بوون و خۆناسین، ئاشنابوونە بە خودێک کە خۆتی، بەڵام پێش کردەی نووسین نائاشنای پێی. نووسین دەتبا تا سەر سنووری کەسێ کە تەنیا بە ئەزموونکردنی نووسین دەتوانی کەشفی بکەی، پێویستییەکە رەگی لە قووڵایی ناخ داکوتاوە. لێرەدا خەیاڵم دەچێ بۆ گوتەیەکی جۆرج ئۆروێل کە باس لە چوار هاندەر دەکات بۆ نووسین، یەکێکیان بریتییە لە ئیگۆئیزم، واتە خودویستی. نووسین رەهەندێکی خودویستی و ژوانێکی جاویدانەی تێدایە کە لەگەڵ هاندەری دیکەی وەک هەستجوانی، یا هۆکاری مێژوویی و سیاسی، دەمانباتەوە لای خۆمان و لای مرۆڤ، ئاستێکی باڵای خود، دوورمان دەخاتەوە لەو دۆخەی کە خنکێنەر و ناشیرینە و دەمانپەڕێنێتەوە بۆ لای جوانی و کەسێکی ئارام و ئاشنابوونێکی جوانتر بە خود، نووسین رزگاربوونە، بەبێ نووسین لەوانەیە من وەک نەزەند نەبووبام، یا مردبام.

**ئەدەب و کولتوور: دەکرێ باسی نهێنیی نووسینی خۆتمان بۆ بکەی؟ کەی دەنووسیت و چۆن دەنووسیت و ئەو خووە تایبەتە چییە لە کاتی نووسین پەیڕەوی دەکەی؟**

**نەزەند بەگیخانی:** لە راستیدا نووسین بەشێکی گەورە لە ژیانی من پێکدەهێنێ؛ بەپێی ئەوەی کارەکەم لە زانکۆی بریستل وەک توێژەر واپێویست دەکات کە وتار و نووسینی ئەکادیمی بنووسم، ئەوە رۆژانە من ئەزموونی نووسین دەکەم. خووی رۆژانەم بریتییە لە یۆگای بەیانیان. بەیانیان زوو لەخەو هەڵدەستم و بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە بچمە ناو رۆژەکانم، ماوەی سەعاتێ یۆگا و مێدیتەیشن (رامان/ تەئەمولات) دەکەم. بەبێ یۆگا و مێدیتەیشن رۆژەکانم ئەستەم و قورس دەبن و جەستەی لاوازم بەرگەیان ناگرێ. دوای ئەوە دەست بە کار دەکەم. دیارە پرۆسەی نووسینی ئەکادیمی و سەر بە

## "شیعر سنوور و چوارچێوە قبوڵ ناکات"

توێژینەوە بەپێی مێتۆدۆلۆژی و ئامانجی دیاریکراو دەچێتە پێشەوە کە جیاوازە لە نووسینی شیعر. شیعر خۆڕسکە، پەل دەهاوێ و دەکشێ، سنوور و چوارچێوە قبوڵ ناکات، زەمینێکی پڕ پرسیارە و وەڵام هەڵناگرێت، ئیحتیمالات دەخاتە روو نەک بەدیهییات. بێگومان خوێندنەوە جەوهەری هەموو نووسینێکە، من زۆر دەخوێنمەوە، هەموو ژانرێک، بەتایبەتی شیعر. هەندێ جار وشەیەک، پرسیارێک، ئازارێکی قورس وەک لێکدابڕان، جووڵەی پەرامووچەیەک بەدەم با لە سوچێکی کۆڵان، وێنە یا هێڵکارییەکی منداڵەکەت تووشی شۆکت دەکات، دیمەنی خۆرئاوابوون لە لێواری ئەتڵەنتیک دەتهەژێنێ و لە مێشک و دەفەی سینگت دەدات، داگیرت دەکات و بانگت دەکات یا ناچارت دەکات بنووسیت. تەنیا بە شیعر دەتوانین گوزارشت لەم دۆخ و سات و ئازار و پەنهانی و جوانییانە بکەین. بۆیە هەمیشە دەفتەر و قەڵەمێکم لەناو جانتا و لە تەنیشت جێگای نووستنەکەمە، دەشێ شەو پێش نووستن، یا نیوەشەو دوای بێداربوونەوە لە خەونێک، دەست بدەمە قەڵەم و دێڕێ یا کۆپلە شیعرێک بنووسم، یا لەناو پاس، ناو شەمەندەفەر، هەندێجار لە کاتی ماشێن لێخوڕین لەکەناری جادە بوەستم و دەست بکەم بە نووسینی شیعرێک. هەڵبەتە دواتر بۆیان دەگەڕێمەوە و کاری زیاتریان لەسەر دەکەم.

**ئەدەب و کولتوور: گرنگترین خاڵی نووسین بۆ نەزەند چییە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** بەڕای من گرنگترین خاڵی نووسین دەرچوونە لەگۆشەگیری و سەرگەردانی، دەرچوونە لە گومان و راڕاییەکانی گوتن، گوتن وەک قسەکردن، وەک درکاندنی وشە لە ساتێکی دیاریکراودا کە زوو تەواو دەبێت، بەڵام نووسین واتە نزیکبوونەوە و لەئامێزگرتنی وشە نەک بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی یەکسەری و خێرا بەسەر سات و کاتدا زاڵ بین وەک لە گوتندا روودەدات، بەڵکو بۆ چوونە ناو کات و تێپەڕاندنی کاتە.

**ئەدەب و کولتوور: تۆ ئیرۆتیکی جۆری شاراوە دەنووسی؟ هاوکات سیمبولەکان هەڵبژێردراون و ئاسان خۆیان نادەن بەدەستەوە. دەکرێ پێمان بڵێی ئەم شاراوەیی و ناوەکییە بۆ؟ ئیرۆتیک هەم بەرهەمی ئەڤینە و هەم خودناسی و جەستەناسیە. بەرهەمی خەمگینی و خەمۆکی لای تۆ چۆن دەخوڵقێت؟ من هیچ دەقێکی ئیرۆتیکی ئاشکرام لە شیعرەکانی تۆ بەدی نەکرد ئاخۆ لەم جۆرەت نەنووسیوە یان بڵاوت نەکردوونەتەوە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** شیعر وەکو گوتارە ئەکادیمییەکان راستەوخۆ نییە و بە ئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە، هەمیشە رەهەندێکی قووڵ و شاراوە و پەنهان و ئاڵۆزی هەیە. خودبوون بۆ من زۆر گرنگە لە نووسینی شیعردا، کە خودیشت نووسییەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە جەستە بە تەواوی دەدوێ، کە دەڵێم بە تەواوی مەبەستم ئەوەیە بڵێم بە هەموو رەهەندە جیاواز و کێشەئامێز و پێچەوانە و ناکۆکییەکانییەوە دێتە گۆ. چونکە حەز و ئارەزوو و جۆش و شەپۆڵەکانی ناخ و هەڵچوون و شکستەکان لەگەڵ خود و جەستە پێکەوە چنراون. بەڵام دیارە مەبەست لە خودنووسینەوە گێڕانەوەی دیرۆک نییە، یا ئاوێنەیەک نییە بۆ نەخشاندن و رەنگدانەوە. بەڵکو گوزارشت لەخود لە شیعردا وەک کردنەوەی دەرگایەک وایە بەڕووی ژیان، وەک سەفەر وایە، سەفەرێکی تەنیا و جوان و پڕ ئازار و چێژ و سووتان و هەڵچوون و دامرکانەوە، لێژبوونەوەیەکی هێمنە بۆ ناسینی نەناسراو، پیاسەکردنێکی هێمنە لەسەر زەمینێکی ئازاد، راکردنێکی شێتانەیە بەناو تامانەکان، حاڵگرتنە وەک دەروێش بۆ تێپەڕاندنی سەرجەم پنتەکانی ئاگایی و گەیشتن بە رەهایی، بە ئۆرگازم. من بە پڕی ژیانم لە ئامێز گرتووە، خەونەکانم هێناوەتە ئاستی واقیع، بە پڕی ئەزموونی بوون دەکەم، ئەزموونکردنی چێژ و ئازار، ئەزموونی عەشق و مەرگ وەک بڕینی سنوورەکانی جەستە و شکاندنی تابووەکان، دارمانی خشتەکانی ناسنامە و خزین و کەوتن و هەڵسانەوە و ختووکەی ناخ و رۆشنبوونەوە تا ئاستی ناسینی نەناسراوەکان. شیعری من گوزارشتە لە هەموو ئەمانە و روانین و دونیابینی و جوانناسیی من بەرجەستە دەکات لە فۆرمێکدا کە سیمبۆل و وێنا و مێتافۆر و زمانێک دەگرێتە خۆی جیاوازە لە دیرۆک و گێڕانەوە.

## "گرنگترین خاڵی نووسین دەرچوونە لەگۆشەگیری و سەرگەردانی"

**ئەدەب و کولتوور: نووسینی دەقی ئیرۆتیکی چێژێکی تایبەتی هەیە چونکە دەستبردنە بۆ دونیایەکی پەنهان و نیمچە قەدەغە. نەزەند تاچەند لەکاتی نووسینی وەها دەقێک خەیاڵی دەخروشێ؟ روونتر بڵێم هەستت چۆن دەبێت؟**

**نەزەند بەگیخانی:** پرۆسەی نووسینی شیعر بۆ من وەک هەر کارێکی دیکە وایە، ئەگەرچی هەروەکو لەسەرەوە گوتم زۆر جیاوازە لە نووسینی وتار و توێژینەوەی ئەکادیمی، بەڵام من بە هزر و ئاگاییەوە شیعر دەنووسم.

**ئەدەب و کولتوور: لە شیعری ( دڵنیایی) کە دەقێکی ئەوینی ئیرۆتیکییە، ترسی خۆت لە تاریکی دەخەیتە روو، لە دەقی ( گۆڕێکی شووشەبەند)یش کە دووبارە دەقێکی ئیرۆتیکییە، لەو دەقەدا وەک بڵێی هەناسەت تەنگە و دیسان چوار جار دەڵێی تاریکی، ئەمە کام تاریکییە نەزەند لێی دەترسێت و لەژێر ئەویندا خۆی لێدەشارێتەوە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** ئەم دوو شیعرەی تۆ لێرە بە نموونە دەیانهێنییەوە، هەردووکیان باسی دابڕان و ئاوابوون، باسی غیاب و لەناوچوون و مەرگ دەکەن، مەرگی براکانم و مەرگی عەشق. سێبەری ئەو دابڕانە ئەبەدییە، ئەو غیابە رەهایە لەسەر هەموو کونج و خانە و کەلێنێکی هەستیاری و دەروونی و فیزیکی مندایە. من گۆڕستانم و پڕم لە مۆتەکە و خێو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەجەنگم و دەبمە دەنگی ئەوانەی کە زمانیان بڕا و جەستە و کەللەی سەریان گوللەڕێژ کرا. لە شیعری دڵنیایی من تەکان دەدەم دژی خێوی مەرگ و غیابی کەسی خۆشەویست، نامەوێ تاریکی ببێتە سنووری نێوان من و ئەوان، ببێتە هێڵی لەبیرکردن. مەرگی عەشقیش بە هەمان ئەندازە کوشندەیە. کاتێ لە ژیاندان و جوانییەکان لەناوماندادە کوژرێن، ژیان دەبێتە بیابانێکی زەرد و مرۆڤەکانیش تەنیا تەنێک و لە شەبەنگدا دەجولێنەوە.

**ئەدەب و کولتوور: دوا بەرهەمت (پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن)، گەر من پێناسەی کتێبەکەت بکەم ناوی دەنێم (هەڵچوون و نائومێدی)، هەڵچوون لە ئەویندا، لە فێمێنیستی و هەڵچوون دژ بەشەڕەکان، نەزەند بۆچی تووشی ئەم تووڕەبووونە بووە؟**

**نەزەند بەگیخانی:** پیاسەیەک لەگەڵ جۆن دۆن کە ناونیشانی دیوانە تازەکەمە و ناونیشانی شیعرێکی ناو دیوانەکەشە، پیاسەیەکی میتافیزیکییە، لێژبوونەوەیە بۆ دونیای ژێرزەمین، رامان و بەریەککەوتنە لەگەڵ فیگەری مەرگ، بە مانای سەیرکردن و دەستلێدان و نزیکبوونەوە لە جیهانی مەرگ، دواندنی مەرگە بە ئومێدی زیندووکردنەوەی ئەوانەی کە خۆشمویستن، ئەوانەی کە خۆشیانویستم و ئێستا مشتێک خۆڵن و هیچی تر. من ئاشنام بە خۆڵ کە پێشتر ژیان بوو لە سیمای نەوزاد و نیهاد و قوبادی برام، ئاشنام بە جیهانی ژێرزەمین، بە مردن؛ هەر لە منداڵییەوە لەدوای مەرگی باوکم، مەرگی زۆر خۆشەویستم بینیوە.






# فیلمی «بانی و کلاید» و چیرۆکی دوو لاوی تاوانبار

■ هەورین نەجات

دوای نمایشکردنی فیلمی بانی و کلاید لە ساڵی 1967، بەرهەمی ئارتۆر پێن سینەمای نوێی ئامریکا و هۆگرانی نوێی سینەما پێکەوە دەنگیان هەڵبڕی و بوونی خۆیان سەلماند. سەرەڕای ئەوەی کە ئەم فیلمە لەلایەن رەخنەگرانەوە هێرشی کرایە سەر، بەڵام تا مانگی نۆڤەمبەری هەمان ساڵ توانی ببێتە پڕبینەرترین فیلمی ساڵ و لە ئاکامدا ناوزەدکرا بۆ وەرگرتنی دە خەڵاتی ئۆسکار کە توانی لە ئاکامدا ببێتە خاوەنی دوو لەو خەڵاتانە (خەڵاتی باشترین وێنەگر بۆ بێرنێت گافی و باشترین ئەکتەری رۆڵی دووەم بۆ ئینتێل پارسۆنز) و رەخنەگرانی فێستیڤاڵی نیویۆرک باشترین خەڵاتی سیناریۆیان پێداو لەلایەن ئەو رەخنەگرانەوە کە لە سەرەتادا هێرشیان کردبووە سەر فیلمەکە، بە باشترین فیلمی ساڵی 1967 هەڵبژێردرا.

خاڵی زۆر گرنگ ئەوەیە فیلمی بانی و کلاید تەنها فیلمە لە مێژووی سینەمادا کە بینەر بایەخ نادات بە دەنگی رەخنەگران و وەک باشترین فیلمی ساڵ هەڵیدەبژێرن. ئەم فیلمە کە لە ژمارەی هاوینی گۆڤاری تایمز لەلایەن رەخنەگرانی گۆڤارەکەوە بە لاواز دانرابوو، لە ژمارەی هەشتی دیسەمبەری 1967 بووە بابەتی رووبەرگی گۆڤارەکە و وتارێکی درێژیان لەسەر نووسیبوو، سەرکەوتنی بەرچاوی بانی و کلاید پاشەکشەی کرد بە زۆربەی رەخنەگرە کۆنەکارەکان و دانیان بەوەدا نا کە جاری یەکەم ئەو فیلمەیان وەک فیلمێکی گەنگستری پڕ لە خوێن و خوێنڕێژی هاتووەتە بەرچاو، بانی و کلاید لەڕاستیدا تێهەڵکێشێکی زیرەکانەیە لە کۆمیدیا، توندوتیژی، رۆمانسی و لانیکەم بەشێوەیەکی سەمبۆلیک سیاسەت کە بە راشکاوی تەکنیکەکانی شەپۆلی نوێی سینەمای فەرەنسای بەکارهێناوە و توانیویەتی رۆحی شۆڕشگێڕانەی سەردەمی خۆی نمایش بکات. بانی و کلاید چوونە ناو دڵی خەڵکەوە، بە جۆرێ کە لە ساڵی نمایشکردنی ئەم فیلمەدا، پاڵەوانەکانی ئەم فیلمە بوونە سەمبول و نموونە بۆ جەماوەرێکی زۆر. کۆتی دوو گیرفانە و شەپقەی فیدۆرای کلاید بووە مۆدێلی جلوبەرگی پیاوانە و تەنوورەی چاک داری دەیەی 1930 بۆ ماوەیەکی زۆر جێگەی تەنوورەی کورتی ژنانی ئەو سەردەمەی گرتەوە. لەو سەردەمەدا تەنانەت جۆرە لەزگەیەکیان دەگرت بە جامی ماشێنەکانیانەوە وەک بڵێیت گوللەبارانەکەی بانی و کلایدت وەیاد بێنێتەوە.

بانی و کلاید چیرۆکی ژیانی بانی پارکێر و کلاید بەرۆ، دوو لاوی تاوانباری گەنج لە رۆژئاوای ناوینەوەیە کە لە سەردەمی قەیرانی ئابووریی ئەمەریکادا عاشقی یەک دەبن و دەست دەدەنە دزی و کوشتن و لە ئەنجامی ئەم کردارانەدا لەلای جەماوەر وەک قارەمانێکی نەتەوەیی دەناسرێن، ئەوانەی دەبوونە قوربانیی ئەمان خەڵکی ئاسایی نەبوون، بەڵکو خاوەن بانکە تەماعکارەکان و پۆلیس بوون، بە واتایەکی تر بەرەنگاری سیستەمی ئەو سەردەمەی ئەمەریکا دەبوونەوە.

بانی و کلاید سەمبولی پاڵەوانی (دژی دۆخی هەنووکە) بوون، کە رەنگدانەوەی کەشی شۆڕشگێڕانەی کۆتایی دەیەی 1960 بوو. ئەم کەشوهەوایە فیلمە ئەمەریکییەکانی دواتریشی گرتەوە، لە پۆستەری پروپاگەندەی فیلمەکەدا نووسرابوو "ئەوان گەنجن و عاشقن و مرۆڤ دەکوژن"، گەرچی لە نێوانی فیلمەکەدا دیارە کە چارەنووسی ئەم دوو عاشقە چییە، بەڵام بینەر هەرگیز چاوەڕوانی وەها کۆتاییەکی توندوتیژ و دڕندانە ناکات. لە دیمەنی کۆتایی فیلمەکەدا بانی و کلاید دوای وێنەیەکی رۆمانتیک دەکەونە گەمارۆی دەسترێژێکەوەو جەستەیان بە جووڵەیەکی پەروانەیی لە بەرامبەر مەرگدا بە گوللە کونکون دەکرێ، ئارتۆر پێن کۆتایی ئەم فیلمەی بە چوار کامێرا بە خێرایی و چاوی کامێرای جیاوازەوە وێنە گرتووە و لە مۆنتاژێکی فەسڵیدا گرتە گرنگ و ئاڵۆزەکانی داناوە، تاکو مەرگی ئەوان بەشێوەیەکی ئوستوورەیی و حەماسی نمایش بکات. ئەوان تەنیا نامرن، بەڵکو وێران دەبن، تەنانەت ئەمڕۆش بەشی کۆتایی فیلمەکە توندییەکی سەرسوڕهێنەری تێدایە، چونکە بینەر و ئەکتەر توانیویانە بگەنە ئەوپەڕی لێکنزیکبوونەوە. لە کەشوهەوای کۆمەڵایەتیی ئەو سەردەمەدا، بینەرانی ئەمریکایی بانی و کلایدیان نەک هەر وەک کارەکتەرێکی نمایش، بەڵکو لە هەیبەتی شۆڕشگێڕانەی رۆمانتیکدا سەیر دەکرد و بافتی دەروونی و پڕ لە جموجۆڵی فیلمەکەش بە گۆڕینی دۆخە چاوەڕواننەکراوەکان و نواندنی ئۆبژەیەکی هەستپێکراو لە ساڵی 1967 تا ڕادەی قارەمانەکانی فیلمەکە شۆڕشگێڕانە بوون. لە ساڵی 1967 تاوەکو ئەمڕۆ چوارچێوەی ئەم فیلمە لە هەزاران فیلمی (جووتی تاوانبار) و فیلمگەلی (جادەیی) دووپات کراونەتەوە. بەوپێیە بۆ بینەری ئەمڕۆیی رەسەنایەتی یەکەم جاری ئەم فیلمە زۆر دژوارە، بەڵام بانی و کلاید لە 1967دا لەبارەی چوارچێوە و ناوەڕۆکەوە وەک فیلمێکی شۆڕشگێڕانە و رووخێنەر ناسرا.



# «زۆر لەخۆت مەکە بۆ نووسین»

## لەبارەی ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەی نووسەرە دیارەکانی جیهان

ئێمە زۆر جاران وای دەخەملێنین، کارە گەورەکان ئەو کەسانە ئەنجامی دەدەن کە بەهرەی سروشتی و توانا و ژیرییان وەکو ڕەحمەت بەسەردا ڕژاوە، بەڵام چەند شتی گەورەش لەلایەن کەسانێکەوە ئەنجامدراون کە بە تەواوی درکیان بە وزەی شاراوەی ناو خۆیان نەکردووە. وا بیر دەکەمەوە زۆربەمان، بەخۆیشمەوە، دەتوانین زۆر شتی گەورەتر لەوەی تا ئێستا کردوومانە، بکەین. باشترین کارەکانی ئێمە دەکرێ هێشتا لە ناوەوەماندابن. کەوایە چۆن دەتوانیت ئەو وزە و پۆتێنشڵە لە خۆت دەربهێنی و لەگەڵ جیهاندا بەشی بکەیت؟ ڕەنگە باشترین ڕێگە باشترکردنی ڕۆتیناتی ڕۆژانەبێ. وەک نموونە با سەیرێکی ڕۆتیناتی ڕۆژانەی نووسەرە بەناوبانگەکان بکەین؛ ئەوانەی مردوون و ئەوانەیشی کە هێشتاکە دەژین.

■ وەرگێڕان و ئامادەکردنی: هەژار



### هارووکی مووراکامی:

## دووبارەکردنەوە بۆ خۆی دەبێتە شتێکی گرنگ

لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی 2014ـدا، مووراکامی باسی خووە جەستەیی و ئەقڵییەکانی خۆی دەکا: «کاتێک خەریکی نووسینی ڕۆمانێکم، لە سەعات چواری بەیانی لە خەو هەڵدەستم و پێنج تا شەش سەعات دەنووسم. دوای نیوەڕۆ، دە کیلۆمەتر ڕادەکەم یانیش هەزار و پێنجسەد مەتر مەلە دەکەم (یانیش هەردووکیان دەکەم)، پاشان کەمێک دەخوێنمەوە و ئینجا گوێ لە میوزیک دەگرم. لە سەعات نۆی شەودا دەچمە سەر تەختی خەو و ئەم ڕۆتیناتە هەموو ڕۆژێ بەبێ ئەوەی بگۆڕدرێ دووبارە دەکەمەوە. دووبارەبوونەوە بۆ خۆی دەبێتە شتێکی گرنگ؛ دووبارەبوونەوە فۆڕمێکە لە خەواندنی موگناتیسی، خۆم خەولێدەخەم تاوەکو بگەمە قووڵترین بارودۆخی ئەقڵی. ئەمما وەها دووبارەییەک بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ- شەش مانگ تا ساڵێک- بڕێکی باش لە توانای ئەقڵی و جەستەیی دەوێ. لەو حاڵەدا، نووسینی ڕۆمانێکی درێژ وەک مەشقکردن وایە بۆ زیندوومانەوە لە ژیان. توانای جەستەیی پێویستییەکە هەر وەک هەستیارییەکی هونەرمەندانە و داهێنەرانە.



### ئێرنست هەمەنگوەی:

## هەموو بەیانیانێک دەنووسم

لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ جۆرج پلیمپتن، ئێرنست هەمەنگوەی باسی ڕۆتیناتی ڕۆژانەی خۆی دەکا: «کاتێک خەریکی کارکردنم لەسەر کتێب یان چیرۆکێک، هەموو بەیانییەک لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەمین تیشکی ڕۆژدا دەستدەکەم بە نووسین. هیچ کەس نییە بێزارت بکا و دنیا لەو دەمەدا سارد و خۆشە و تۆیش بە نووسین گەرم دادێی. ئەوە دەخوێنیتەوە کە نووسیوتە و هەر لەو شوێنەی کە وەستاویت دەزانیت دواتر بە تەمای چی بنووسیت و ئیتر دەستپێدەکەیتەوە.

دەنووسیت و دەنووسیت تا دەگەیتە ئەو شوێنەی کە ئیتر شەربەتەکەت چۆڕی لێ دەبڕدرێ و دەزانیت دواتر چی ڕوودەدا و دەوەستی و هەوڵ دەدەیت لەناو کارەکەتدا بژیت هەتا ڕۆژی دواتر کە دێیتەوە سەری. با بڵێین، لە سەعات شەشی بەیانییەوە دەستتپێکردووە و ڕەنگە هەتا نیوەڕۆ یان پێشتر بخایەنێ. کە دەوەستی ئیتر خاڵی بوویتەتەوە، لە هەمان کاتیشدا قەت خاڵی نابیتەوە و هەر پڕیت، هەر وەک ئەوەی عیشقبازی و دەستبازی لەگەڵ ئەو کەسە بکەیت کە خۆشتدەوێ. هیچ شتێ ئازارت نادا، هیچ شتێ ڕوونادا، هیچ شتێ مانای هیچ شتێ نادا هەتا ڕۆژی دواتر کە دەستدەکەیتەوە بە نووسین.



### کورت ڤۆنیگەت:

## هەمیشە شناو و مەشقی بەهێزکردنی ماسوولکە دەکەم

لە ساڵی 1965دا، کورت ڤۆنیگەت نامەیەک [ کە دواتر لە ژێر ناوی ‹›کورت ڤۆنیگەت: نامەکان›› وەک کتێب بڵاوبووەوە] بۆ هاوژینەکەی دەنێرێ و لەبارەی ڕۆتیناتی ڕۆژانەی خۆیەوە بۆی دەنووسێ: سەعات 5:30 خولەکی بەیانی لە خەو رادەبم، تا سەعاتی هەشتی شەو خەریکی نووسین دەبم، لە ماڵەوە نانی بەیانی دەخۆم، تا سەعات دە خەریکی نووسین دەبم، بە پیاسە دەچمە ناو شارەکە، بازاڕ دەکەم، دەچمە نزیکترین مەلەوانگەی ئەو نێوە و نیو سەعات مەلە دەکەم، سەعات 11:45 خولەک دەگەڕێمەوە ماڵەوە، نامەکانی نێو سندووقی پۆستە دەخوێنمەوە، لە نیوەڕۆدا نان دەخۆم. لە دوای نیوەڕۆیاندا کاری قوتابخانە دەکەم، یان وانە دەڵێمەوە یانیش خۆم ئامادە دەکەم. کە سەعات 5:30 لە قوتابخانەوە دەگەڕێمەوە ماڵ؛ نانی ئێوارە لێدەنێم، دەخوێنمەوە و گوێ لە میوزیکی جاز دەگرم (لێرە زۆربەی گۆرانی و میوزیکە خۆشەکان لە ڕادیۆدا پەخش دەکرێن)، لە سەعات 10 دەخزێمە نێو جێیەکەم. هەمیشە شناو و مەشقی بەهێزکردنی ماسوولکە دەکەم؛ ئاوا هەست بە گرۆتینێکی زۆر دەکەم.



### هێنری میلەر:

## زۆر لە خۆت مەکە بۆ نووسین

هێنری میلەری گەورە ڕۆماننووسی ئەمەریکایی لەژێر ناونیشانی ‹›پرۆگرامی ڕۆژانە›› ڕۆتیناتی نووسینی خۆی و ئەوەی چی بکەین لە درێژایی ڕۆژدا و چۆن کارێکی بەفەڕوپیت بێتە ئەنجام و لەپێناو تەندروستیی جەستەیی و ئەقڵیدا ئەم شتانەی یادداشت کردووە و نووسیونی:

بەیانیان: گەر سەرلێشێواو و باڵانس شێواویت، تێبینییەکانت وەک دنە و هاندەر یادداشت بکە. ئەگەریش لە هەلومەرجی لەباردایت، بنووسە!

نیوەڕوان: ئیش لەو بەشەی کتێبەکەدا بکە کە خەریکیت دەینووسیت، شوێن پلانەکەت بکەوە بە هۆشەوە. زۆر لە خۆت مەکە بۆ نووسین و قەدبڕ مەکە. لە یەک کاتدا یەک بەش تەواو بکە، وا باشە.

ئێواران: دۆستان ببینە. لە قاوەخانەکاندا بخوێنەرەوە. بە دوای بەش و بڕگە نائاشناکاندا بگەڕێ- بەپێ ئەگەر دنیا تەڕوتووش بوو، بە پایسکڵ ئەگەر دنیا وشک و برینگ بوو. بنووسە، ئەگەر میزاجت هەبوو، بەڵام تەنیا بیرت لای پرۆگرام بێ. ڕەسم بکە ئەگەر بەتاڵ و ماندوو بوویت. تێبینی لای خۆت بنووسە. هێڵکاریی بکە، پلان دابنێ.



### مایا ئەنجیلۆ:

## ژوورێکی خەوتنم هەیە، فەرهەنگێک و تەوراتێکیش

لە چاوپێکەوتنێکدا لە ساڵی 2013 لەگەڵ گۆڤاری ‹›زە دەیلی بێست››، ئەنجیلۆی شاعیر و نووسەری ئەمەریکایی باسی نووسین و خووە ڕۆژانەییەکانی خۆی دەکات: لە شارۆچکەکەی خۆمدا ژوورێکم لە هۆتێلێک بەکرێ گرتووە و مانگانە کرێ دەدەم. سەعات 6:30 خولەکی بەیانی پیاسەیەکی ئەو دەوروبەرە دەکەم. ژوورێکی خەوتنم هەیە؛ تەختێکی خەو، مێزێک و حەمامێک. فەرهەنگێک و تەوراتێکیش. بۆ ئەوەی مێشکم کەمێ وەحەوێ یاری کاغەز و تێپەڕەوشە دەکەم، وا بزانم نەنکم ئەمەی فێرکردم. قەت لەوێ ناخەوم و سەعات دوو دەگەڕێمەوە ماڵەوە و ئەوە دەخوێنمەوە کە بەیانییەکەی نووسیومە، ئینجا هەوڵ دەدەم هەڵەبژار و پاکنووسی بکەم.



### جۆدی پیکۆڵت:

## ناتوانیت هەڵەبژاری لاپەڕەی بەتاڵ بکەی

دوایین حەوت کتێبی جۆدی پیکۆڵت ژمارە یەکی لیستی پڕفرۆشترینەکانی ‹›زە نیویۆرک تایمز››ـن. لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ نوا چارنێی، جۆدی باسی ڕێچکەی نووسین و داهێنانی خۆی دەکا: «من بڕوام بە شتێک نییە ناوی بەربەست بێ لەبەردەم نووسەران، بەربەست شتێکە دەنێو دەستەکانی خۆتدایە. ئەگەر کاتێکی زۆرت لەبەردەمدایە بۆ نووسین، سا دانیشە و بنووسە. ناکرێ هەموو ڕۆژێ باش بنووسیت، بەڵام دەتوانیت هەمیشە هەڵەبژاری لاپەڕەیەکی خراپ بکەیت. ناتوانیت هەڵەبژاری لاپەڕەی بەتاڵ بکەیت.



### هەنتەر ئێس. سۆمپسن:

ئەمەی خوارەوە ڕۆتیناتی ڕۆژانەی هەنتەر ئێس. سۆمپسنە؛ نووسەر و گەورە ڕۆژنامەنووسی ئەمەریکایی و خاوەنی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەریی گۆنزۆ [ستایلێکی نوێ لە ڕۆژنامەگەری کە دوور بوو لە بانگەشە بۆ بابەتیبوون و زۆرجار پەیامنێر دەبووە بەشێک لە بابەتەکە و بە ڕاناوی یەکەم کەسی تاک هەواڵ یان ڕیپۆرتەکە دەنووسرا و لە ساڵانی حەفتاکانی سەتەی بیست سەریهەڵدا:

3:00 ی شەو: هەڵسان لە خەو
05:3 ی شەو: ویسکیی شیڤاز و ڕۆژنامەکانی بەیانیان، جگەرەی دۆنهیڵ
3:45 ی شەو: کۆکاین
3:50 ی شەو: پێکێکی تر شیڤاز، جگەرەی دۆنهیڵ
4:05 ی شەو: یەکەم کوپی قاوە، جگەرەی دۆنهیڵ
4:15 ی شەو: کۆکاین
4:16 ی شەو: شەربەتی پرتەقاڵ، جگەرەی دۆنهیڵ
4:30 ی شەو: کۆکاین
4:54 ی شەو: کۆکاین
5:05 ی شەو: کۆکاین
5:11 ی بەیانی: قاوە، جگەرەی دۆنهیڵ
5:30 ی بەیانی: سەهۆڵی زیاتر بۆ ناو شیڤازەکە
5:45 ی بەیانی: کۆکاین، هیی تر، هیی تر.
6ی بەیانی: ماریوانا تا ڕۆژەکە خۆش بێ
7:05ی بەیانی: بیرەی هاینکن، دوو مارگرێتا [کۆکتێلی تەکیلا و خۆشاوی ئەناناس و لیمۆ و هەندێجاریش خوێ لە لێواری گلاسەکە دەدرێ، هەر وەک بیرەی مەکسیکی]، زەڵاتەی کەلەرم، زەڵاتەی تاکۆ، دوو ئەڵقەپیاز، کێکی گێزەر، ئایسکرێم، شفتەی فاسۆلیا، دۆنهیڵ، هاینکنێکی تر، کۆکاین، ئینجا لێخوڕین بەرەو ماڵەوە، بە گلاسێک وردە سەهۆڵی تێکەڵ بە شیڤاز.
9ی بەیانی: کێشانی کۆکاین بە جددی
10ی بەیانی: نوقڵی خۆش
11ی بەیانی: شارترۆزی فەڕەنسی، کۆکاین، ماریوانا
11:30ی بەیانی: کۆکاین، هیی تر، هیی تر.
12ی نیوەڕۆ: هەنتەر ئێس. سۆمپسن ئامادەیە بۆ نووسین
12:05 هەتا 6ی ئێوارە: شارترۆزی فەڕەنسی، کۆکاین، ماریوانا، شیڤاز، قاوە، هاینکن، جگەرەی قاوە، شەربەتی ترێ، دۆنهیڵ، شەربەتی پرتەقاڵ، جن. سەیرکردنی فیلمی ڕووت
6ی ئێوارە: شامپانیا، چلوورەی سەرقاوە، پاستای ئەلفرێدۆ
8ی شەو: نیشانەکانی ئارامی و ئاسوودەیی
8:20ی شەو: خەوتن

سەرپەرشتیار: بژار حەکیم